Coventry City Council

ئازیزم دایك, باوك \ ئەو کەسانەی چاودێری دەکەن

ئەم نامەیە بۆ دایك وباوکەکانی قوتابیانن دەربارەی ئامادە بوون لە قوتابخانە لە مانگی ئەیلول (نۆ) 2020.

ئەنجومەنی شارەوانی شاری کوڤنتری بە هاوبەشی کار دەکات لە قۆتابخانەکان لە سەران سەری شارەکە بۆ بەخێر هاتنی گەرانەوەی مندالەکان بۆ قوتابخانە لە مانگی ئەیلول لە پاش چەند مانگەکی زۆر قورس بۆ باوان ومندالەکان وقتابخانەکان. ئیمە زۆر سۆپاسی ئیوە دەکەین بۆ ئەو کارەی کردوتانە لەگەڵ مندالەکان بۆ دلْنیا بوون لە خوێندن وفێربوونی مندالەکان لە ئەو کاتدا. گۆێ مان لە زۆر حالەتی باوان بوو کە لە ژێر بارودۆخەکی زۆر قورسدا بوون وهەموو هەولی خۆیان داوە بۆ پالپشتی کردنی مندالّی خۆ لە فێربوون کاتی کە قوتابخانەکان داخراو بوون بۆ زۆربەی خوێندکاران. هندیك مندالْ چەنسیان هەبوو ودەهاتنە قوتابخانە لە کاتی کە هەموو شتیك داخرا بوو. ئەو لەوانەیە چونکە ئەو مندالّی کرێکارانی سەرەکی بوون یان مندالّی لاواز بوون یان چونکە لە ئەو قوناغە بوون کە زۆر گەرانەوە لە بەرواری 1 مانگی شەش.

ئیمە دلْنیاین کە هەموو باوان دلْخۆشن لەگەڵ ئەو بریارە کە هەموو قوتابخانەکان دووبارە دەکرێنەوە بۆ هەموو قوتابیان لە مانگی ئەیلولی 2020 ومندالەکان دەتوانن بگەرێنەوە سەر روتینی خۆی جاران وسوود وەلبگرن لە ئەو شتانەی کە قوتابخانەکان بۆیان دابین دەکات.

حکومەت بەلێنی داوە بۆ تەرخان کردنی پالپشتیەکی گرنگی دارایی پاش بڕیاری داخستنی قوتابخانەکان, تا قوتابخانەکان بتوانن ئەو بۆشاییانە دیار بکات لە ناو خوێندن وفێربوون مندالان. هەموو مندالان سوودمەند دەبن لە ئەم بەرنامەیە کە تەرکیز دەکاتە سەر خوێندن بە تایبەت لە ماوەی خولی یەکەم لە مانگی ئەیلول.

لە مانگی ئازار (سێ) کاتی کە کێشەی ڤایروسی کورونا (کوڤید 19) زیاد بووی, حکومەت ئەوە روون کرد کە هیچ باوکەك ناهێتە سزادان یان غەرامە کردن ئەگەر مندالّی خۆی نە نێرتە قوتابخانە چونکە دواتر قوتابخانەکان هاتنە داخستن بۆ هەموو مندالەکان تەنها بۆ هندیك گروپی تایبەت ما بوو.

ئێستا بارودۆخکە گۆراەوە وئەو بەڕیارانەی کە حکومەت دەر کردی نیشانەی ئەوەیە کە مندالەکان ئێستا دەتوانن بە سەلامەتی بگەرێنەوە بۆ قوتابخانەکان. زۆر گرنگە هەموو مندالەکان بگەرێنەوە بۆ قوتابخانە تا لە توانایی ئیمەدا هەیە بتوانین کاریگەری ماوە درێژی کێشەی ڤایروسی کورونا لەسەر خوێندن وبەرژەوەندی وپیشکەوتن بەرفراوان کەم بکەین. ئیمە دەزانین کە مندالەکان نەك تەنها خوێندن لەدەست داینە لە ئەو ماوەیە بەلام هەروەها ئەوان بینینی هاوڕێەکان ولایەنی تری کۆمەلایەتی لە قوتابخانە لە دەست داینە.

لە دەست دانی خویندن لە ناو پۆل جاریکە مندالەکان دەخرێتە ژێر مەترسی دواکەوتنی زیاترڕ. ئەوانەی کە رێژەکی زۆری ئامادە نەبوونیان هەیە دەرنجامیان باش نیە لە هەردوو قوتابخانەی سەرەتایی وناوەند. **بۆیە بەشی خوێندن دووپاتی کردوە کە ئامادە بوون لە قوتابخانە دووبارە زۆرەملێە (اجباریە) لە دەست پێکەی وەرزی پایز.**

مەبەست لە ئەمە ئەوەیە کە بەرواری 2 مانگی ئەیلولی 2020, یاسایی جاران دەربارەی ئامادە بوون لە قوتابخانە جێبەجێ دەکرێت, هەر وەك:

- ئەوە ئەرکی دایك وباوك کە مندالّی خۆیان بنێرە قوتابخانە ئەگەر لە تەمەنی زۆرەملێ قوتابخانە بێت
- ئەوە بەرپرسیارەتی قوتابخانەیە کە ئامادە بوونی قوتابیان تۆمار بکات وپێداچوونەوەی ئامادەنەبوون بکات.
- دەسەلاتی ناوچەیی دەتوانێت دووبارە سزایەکانی یاسایی جێیبەجێ بکات هەر وەك ئاگادرای سزادان زپروسەی کە لەوانەیە تاوانبار بکرێت لە دادگا ئەگەر ئامادەنەبوون بەردەوام بوو.

ئەگەر هەر خەمەك هەتبێت دەربارەی گەرانەوەی منداڵەكەت بۆ قوتابخانە كاتی دووبارە دەكرێنەوە لە مانگی ئەيلول دەبێت خەمەكانی خۆت بە راستەوخۆ لەگەڵ قوتابخانە گفتوگۆ بكەی. قوتابخانە دەتوانێت ئیوە دڵنیا بكاتەوە دەربارەی پڕوسەی پاراستن كە لە ژێر جێبەجێ كردنە وهەموو قوتابخانەكان بە نیزیكەوە كار دەكەن لە تەندروستی وخزمەتگۆزاريەكانی دەسلەلاتی ناوچەیی وبریكارەكانی تر كە ئەوش دەتوانن يارمەتی بدەن ئەگەر پیویست بوو.

هەروەها, بينینی دەسەلاتی ناوچەیی ئەوەيە كە ئامۆژگاری ناكات تۆ منداڵی خۆت لە قوتابخانە دەربكەی (يان ئامادە نەبێت) بۆ پشووی خێزانی يان هەر كاتەكانی تری خول بێت, هەر كاتەك كە قوتابخانەكان دووبارە دەكرێنەوە, چونكە لەوانەيە منداڵەكات پالپشتی زيادی بە تەركيز لە دەست بدات كە بۆ قوتابيان دابين دەكرێت بۆ پركردنی ئەو بۆشاييە لە فێربوون كە دروست بووە لە كاتی داخستنی قوتابخانەكان. ئەگەر هەر دايكەك يان باوكەك بەتەما بێت منداڵ خۆی نە نێرتە قوتابخانە دەبێت ئەو داوايی مۆلەت بكەن بەگوێرە پڕوسەی داواكاريەكانی قوتابخانە بۆ ولگرتنی مۆلەتی نەهاتن ودەبێت پێش وەخت بێت تا بەرێوەبەری قوتابخانە كاتەكی كافی هەبێت تا بتوانێت رەچاو بكات كە ئايا ئەمە بارودۆخەكی جاوازە يان نا.

چەند منداڵەكت زۆر ئامادە بێت لە قوتابخانە ئەو زياترِ سوودی وەلدەگرێت خوێندن وهیچ شتیك لە دەست نادات. هەر ئامادەنەبوونەك بە بێ وەلگرتنی مۆلەت لە قوتابخانە لەوانەيە ئاگادری سزادان بۆت دەربكەن.

لە پاش بچڕانەكی زۆر لە خوێندنی منداڵەكانت لە ماوەی چەند مانگی رابردوو, شتی زۆر گرنگ ئەوەيە كە باوان وقوتابخانەكان پێكەو ئیش بكەن بۆ گەرانەوەی منداڵەكان بۆ قوتابخانە. قوتبخانە ئامادەيە گۆێ لە ئیوە بگرێت بۆيە تكايە پەيوەندی بە ئەوان بكە ئەگەر هەر خەمەك هەتبێت وئەو هەلو دەدەن يارمەتی تۆ بدەن.

بە هیوايی هەموو شتیكی باش بۆ خۆت وبۆ منداڵەكەت لە ئەو ساڵی خوێندنی دابێت.